دورخستنەوەی حەلبوسی بومەلەرزەیەکی سیاسی لە عێراق دروستدەکات



لە بریارێکی کتوپڕ دادگای فیدڕاڵی ئەندامەتی لە محەمەد حەلبوسی سەندەوە ، ئەو بریارەش دەبێت هەمووان جێبەجێی بکەن و بەهیچ شێوەیەک جێگای تانە نیە .

رۆژنامەی (الشرق الاوسط) رایگەیاند دادگای فیدڕاڵی ئەندامەتی حەلبوسی لە پەرلەمان و سەرۆکایەتی دەسەڵاتی یاسادان کۆتایی پێهێنا, بەوەش نەخشەی سوننە لە عێراق گەڕایەوە دواوە.

بڕیاڕی دورخستنەوەی حەلبوسی بە کتوپڕ دادەنرێت, وەك بومەلەرزەیەکی سیاسی وایە چی لە ڕووی قەبارەی کاریگەری یان لە ڕووی کاتەکەی.

جێی ئاماژەیە حەلبوسی بە یەکێك لە ژمارە قورسەکانی پرۆسەی سیاسی لە عێراق دادەنرێت, کە لەسەر بنەمای هاوسەنگی پێکهاتەکان دامەزراوە.

حەلبوسی لەکاتێکدا بڕیاڕەکەی دادگای فیدڕاڵی پێگەیشت کە دانیشتنی پەرلەمانی بەڕێوەدەبرد, بۆ تاوتوێکردنی درێژکردنەوەی کاری کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان.

ئەمەش وایکرد حەلبوسی بڕیاربدات دانیشتنەکە بۆ کاتێکی نادیار دوابخات و بە پەرلەمانتارانی وت, دادگای فیدڕاڵی ئەندامەتی کۆتایی پێهێناوم, بڕیارەکەشی بە نامۆ وەسفکردو هەندێك لایەنی تۆمەتبارکرد بەبێئەوەی ناویان بهێنێت, بە هەوڵدان بۆ لێکترازاندنی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان.

وەک رۆژنامەکە ئاماژەی پێ دەکات پێشبینی دەکرێت بڕیارەکە بومەلەرزەیەکی سیاسی لە عێراق دروستبکات, بەوپێیەی شۆکێکی گەورە لەسەر ئاستی هاوسەنگی سیاسی لە عێراق یاخود پێکهاتەکان دروستدەکات, بەتایبەت لە ناوچەکانی خۆرئاوا کە زۆرینەیان سوننە نشینن.